نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەبەری لە کارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن دەکات

وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەمڕۆ پێنجشەممە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەڕێوەبەریکردن لە کارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، گەیشتووەتە ئەڵمانیا.

دڵشاد شەهاب وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "نێچیرڤان بارزانی بە بەڕێوەبەریکردن لە کارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، گەیشتووەتە ئەڵمانیا". وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم باسی لەوەشکرد، نێچیرڤان بارزانی لە میانی سێ ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا، لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردە و بەرپرسانی باڵای وڵاتان کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدارن، چەندین دیدار و کۆبونەوەی دەبێت و دەربارەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ وڵاتان و دوا پێشهاتەکان لە ناوچەکە، گفتوگۆ دەکات و بیروڕا دەگۆڕێتەوە".